# ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک دەبن لە بینینی خۆر لە نیوەڕۆدا بە بێ ئەوەی پەڵە هەور پێشی گرتبێت؟ ووتیان: نەخێر

لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئایا پەروەردگارمان لە ڕۆژی قیامەتدا دەبینین؟ فەرمووی: «ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک دەبن لە بینینی خۆر لە نیوەڕۆدا بە بێ ئەوەی پەڵە هەور پێشی گرتبێت؟ ووتیان: نەخێر، فەرمووی: «ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک دەبن لە بینینی مانگ لە شەوی چواردەدا بە بێ ئەوەی پەڵە هەور پێشی گرتبێت؟ ووتیان: نەخێر، فەرمووی: «سوێند بە ئەو زاتەی گیانی منی بەدەستە، بۆ بینینی پەروەردگارتان تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک نابن مەگەر ئەوەندە نەبێت بۆ بینینی یەكێك لەو دووانە -خۆر ومانگ- تووشی ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆ ببن (واتا تووشی هیچ ناڕەحەتیەک نابن لە بینینی پەروەردگارتان)، خوای گەورە لە دیداری بەندەکەی دەفەرموێت: ئەی فڵان، ئایا ڕێزم لێنەگرتیت و سەروەری ودەسەڵاتم پێنەبەخشیت وهاوسەرم پێنەدایت، ئەسپ و وشترم بۆ نەهێنایتە ژێربار، لێتنەگەڕام ببیتە سەرۆك وباج وخەراج بسێنیت (لە خەڵکی)؟ (بەندەکە) دەڵێت: بەڵێ. پەروەردگار دەفەرموویت: ئایا بە ئومێدی ئەوەبوویت بە دیداری من بگەیت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر. پەروەردگار دەفەرمویت: منیش لە بیرت دەکەم هەروەکو چۆن تۆ منت لە بیرکرد، ئینجا دەگات بە دووەم کەس ودەفەرموێت: فڵان، ئایا ڕێزم لێنەگرتیت و سەروەری ودەسەڵاتم پێنەبەخشیت وهاوسەرم پێنەدایت، ئەسپ و وشترم بۆ نەهێنایتە ژێربار، لێتنەگەڕام ببیتە سەرۆك وباج وخەراج بسێنیت (لە خەڵکی)؟ (بەندەکە) دەڵێت: بەڵێ. پەروەردگار دەفەرموویت: ئایا بە ئومێدی ئەوە بوویت بە دیداری من بگەیت؟ ئەویش دەڵێت: نەخێر. پەروەردگار دەفەرمویت: منیش لە بیرت دەکەم هەروەکو چۆن تۆ منت لە بیرکرد، ئینجا دەگات بە سێیەم کەس وهەمان شتی پێدەفەرمویت، ئەویش (بەندەکە) دەڵێت: ئەی پەروەردگار، باوەڕم بە تۆ وکتێبەکەت وپێغەمبەرانت هێنا، ونوێژم کرد وڕۆژووم گرت وخێرم کرد،وبە چاکترین شێوە چەندە بتوانێت ستایشی خۆی دەکات، پەروەردگار دەفەرمویت: کەواتە لێرەدا ڕاوەستە. پاشان پێی دەووترێت: هەر ئێستا شاهێدی خۆمانت بۆ سەر دەنێرین، دەکەوێتە بیرکردنەوە لە نەفسی خۆی؛ ئایا کێ دەبێت شاهێدیم لەسەر بدات؟ ئینجا مۆر دەدرێت بە سەر دەمیدا، وبە ڕان وئێسك وگۆشتی دەووترێت: قسە بکەن (بێنە گۆ)! ئینجا ڕان وئێسك وگۆشتی قسە دەکەن (دێنە گۆ) وشاهێدی دەدەن لەسەر کردەوەکانی، ئەمەیش بۆ ئەوەی بیانووی بۆ نەمێنێت، ئەمە دووڕووە (مونافیقە)، ئەو کەسەیە کە خودا لێی توڕە دەبێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەندێک لە هاوەڵان ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا پەروەردگارمان دەبینین لە ڕۆژی قیامەتدا؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک دەبن لە بینینی خۆر لە نیوەڕۆدا بێ ئەوەی پەڵە هەور پێشی گرتبێت؟): واتا ئایا تووشی ناکۆکی وبەیەکداچوونێک دەبن کە تووشی زیانتان بکات بۆ بینینی خۆر لە کاتی بەرزبوون ودیاربوونی لە ئاسماندا وبڵاوبوونەوەی تیشکەکەی لە هەموو سەر زەویدا، بەشێوەیەک هیچ پەڵە هەورێک لە پێشی نەبێت کە نەهێڵێت تیشکی خۆرەکە بە ئێوە بگات؟ هاوەڵان ووتیان: نەخێر. وهەروەها -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئایا تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک دەبن لە بینینی مانگ لە شەوی چواردەدا بە بێ ئەوەی پەڵە هەور پێشی گرتبێت؟): واتا ئایا تووشی ناکۆکی وبەیەکداچوونێک دەبن کە تووشی زیانتان بکات بۆ بینینی مانگ لە شەوی چواردە وکامڵ بوونی ودەرکەوتنی لە ئاسماندا، بەشێوەیەک هیچ پەڵە هەورێک لە پێشی نەبێت کە نەهێڵێت مانگەکە ببینن؟. هاوەڵان ووتیان: نەخێر. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (سوێند بە ئەو زاتەی گیانی منی

بەدەستە، بۆ بینینی پەروەردگارتان تووشی هیچ ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆیەک نابن مەگەر ئەوەندە نەبێت بۆ بینینی یەکێك لەو دووانە -خۆر ومانگ- تووشی ناڕەحەتی وپاڵەپەستۆ ببن -واتا تووشی هیچ ناڕەحەتیەک نابن لە بینینی پەروەردگارتان-): واتا بینینێکی ڕوونە، بە بێ هیچ گومان وگفتوگۆیەک بە شێوەیەک یەکێکتان ئەوی تر بە درۆ بخاتەوە، هەروەکو چۆن گومان نییە لە بینینی خۆر ومانگ، وکەس گومانی نییە لە بینینیان، لێکچوون لێرەدا مەبەست لێی بینینی خودایە لە سەرەوەی بوونەوەرەکان هەروەکو چۆن خۆر ومانگ دەبینرێت لە ئاسماندا لە سەرەوەی بوونەوەرەکانن بە ڕوونی وئاشکرا دیارن؛ بە شێوەیەک کەسی گومانی نییە لە بینینیان، ولێرەدا مەبەست لە چواندنی خۆر ومانگ نییە بە خودا، پەنا بە خودا، چونکە هیچ شت وکەسێک لە پەروەردگار ناچێت -سبحانە وتعالی-. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- باسی ڕووداوێک لە ڕووداوەکانی ڕۆژی قیامەت دەکات، ئەویش ئەوەیە پەروەردگار -سبحانە وتعالی- قسە لەگەڵ یەکێک لە بەندەکانی دەکات ودانی پێدا دەنێت سەبارەت بە ئەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە پێی بەخشی بوو لە دونیادا، وپێی دەفەرموێت: ئەی فڵان، فەزڵم بە تۆ بەخشی وتۆم کرد گەورەی گەلەکەت، وهاوسەرم پێت بەخشی وخۆشەویست وڕەحمەت خستە نێوان تۆ وئەو، وئەسپ و وشتر بۆ هێنایتە ژێربار، وچارەکێکی دەستکەوتەکانت بۆ خۆت دەبرد؛ چونکە پادشاکانی جاهیلیەت بەو شێوە بۆ خۆیان دەیانبرد، بۆیە بەندە دان بەم هەموو نیعمەتە دەنێت. پەروەردگار دەفەرموێت: ئایا باوەڕت بەوە هەبوو کە بە دیداری من بگەیت؟ بەندە دەڵێت: نەخێر. پەروەردگار -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت: (ئەمڕۆ، منیش تۆ لە بیر دەکەم هەروەکو چۆن تۆ منت لە بیرکرد): واتا ئەمڕۆ لە ڕەحمەتی خۆم دوورت دەخەمەوە هەروەکو چۆن تۆ منت نەپەرست لە دونیادا وباسی قیامەت وکردەوە کردنت بۆ قیامەت پشتگوێ خست، واتای لەبیر کردن لێرەدا بە مانای ئەوە دێت کە خوای گەورە لە ڕەحمەتی خۆی دووری دەکاتەوە بە زانینەوە -واتا: لە بیرکردن بە زانینەوە-، هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت: {فَذُوقُواْ بِمَا نَسِيتُم لِقَآءَ يَوۡمِكُمۡ هَٰذَآ إِنَّا نَسِينَٰكُمۡۖ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلۡخُلۡدِ بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ}[السجدة: 14]، واتە:{کەواتە (سزای دۆزەخ) بچێژن، چونکە گەیشتن بە ئەم ڕۆژەتان لە بیرکرد بوو بە ڕاستی ئێمەش ئێوەمان لە بیرخۆمان بردەوە وسزای بەردەوام بچێژن بەهۆی ئەوەی دەتانکرد -لە دونیادا-}. پاشان خوای گەورە قسە لە گەڵ بەندەیەکی تر دەکات، پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیە وسلم- وەکو کەسی یەکەم باسی ئەو نمونانەی کرد سەبارەت بە نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەر ئەو کەسە ودانپێدانانی ئەو کەسە وبەهەمان شێوەی یەکەم کەس وەڵامدەداتەوە وخوای گەورە هەمان وەڵامی دەداتەوە وەکو وەڵامدانەوەی بۆ کەسی یەکەم. وپاشان خوای گەورە قسە لەگەڵ کەسی سێیەم دەکات، وهەمان شتی پێ دەفەرموێت، وئەم کەسە دەڵێت: ئەی پەروەردگار باوەڕم بە تۆ وکتێبەکەت وپێغەمبەرانت هێنا، ونوێژم کرد وڕۆژووم گرت وخێرم کرد، وبە چاکترین شێوە چەندە بتوانێت ستایشی خۆی دەکات، پەروەردگار لێرەدا دەفەرمووێت: (کەواتە لێرەدا ڕاوەستە): واتا ئەوەندە بەسە کە ستایشی خۆتت کرد؛ بۆ ئەوەی کردەوەکانت پێ نیشان بدەین وشاهێدی لەسەرت بدەن، پاشان پێی دەووترێت: ئێستا شاهێدەکانت بۆ دەهێنین، کەسەکە بیردەکاتەوە لە نەفسی خۆیدا، ئایا ئەمە کێیە شاهێدی لەسەرم دەدات؟! خوای گەورە مۆر لەسەر دەمی دەدات وناتوانێت قسە بکات وبە ئەژنۆ وگۆشت وئێسکەکانی دەووترێت: قسە بکەن، بۆیە ئەژنۆ وگۆشت وئێسکەکانی قسە دەکەن، (ئەمەیش بۆ ئەوەی بیانووی بۆ نەمێنێت): واتا ئەم ئەندامانە دێنە گۆ بۆ ئەوەی عوزر وبیانووی بۆ نەمێنێت لە نەفسی خۆیدا بەهۆی زۆری تاوانەکانیەوە وشاهێدی دانی ئەندامەکانی لەسەری؛ وهیچ بیانوویەکی بۆ نامێنێت، وئەم بەندەیە دووڕووە (مونافیقە)، ئەو کەسەیە کە خودا لێی تورە دەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10413